**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبـان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٩ ) ساڵی ٢٠١٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە و ، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٩) لە ٢٠١٠/٦/٢٧ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

**یاسای ژمارە ( ٩ )ی ساڵی ٢٠١٠**

**یاسای جێبەجێ کردنی یاسای پاراستنی بەکاربەری فیدراڵی**

**ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٠ لە هەرێمی کوردستـان – عێراق**

**ماددەی یەکەم :**

یاسای پاراستنی بەکاربەری فیدراڵی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٠ لە هەرێمی کوردستان – عێراق جێبەجێ دەکرێ و تا یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی بەکاربەر لە هەرێم دەردەچێ کار بە حوکمەکانی دەکرێت .

**ماددەی دووەم :**

دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق جێگای دەسەڵاتەکانی فیـدراڵی دەگرنـەوە لـە هـەر شـوێنێکی یاسای ناوبراودا هاتبن .

**ماددەی سێیەم :**

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە سەر پێشنیاری سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر ئەو شوێن و لایەنانە دەست نیشان دەکات کە نوێنەرایەتی ئەنجومەنەکە دەکەن و لە ماددەی چوارەمی یاساکەدا هاتووە ، بەشێوەیەك کە لەگەڵ دام و دەزگاکانی هەرێمدا بگونجێت .

**ماددەی چوارەم :**

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی پێنجەم :**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت .

**ماددەی شەشەم :**

ئەم یاسایە پاش تێپەربوونی سی ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامـەی فـەرمی ( وەقـایعی کوردسـتان ) دا جێبـەجێ دەکرێت .

**مسعود بـارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستـان - عێراق**

هەولێر
٨/ تەمموزی /٢٠١٠ی زایینی
١٧/ پوشپەڕ / ٢٧١٠ی کوردی
٢٦/ رجب / ١٤٣١ی کۆچی

## هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە

بۆ ئـەوەی شـەرعییەت بـە جێبـەجێ کردنـی یاسـای ژمـارە (١) ی سـاڵی ٢٠١٠ لـە هـەرێمی کوردسـتاندا بـدرێت ، ئـەم یاسایە دەرچوێندرا .